# چەند یادێکی زیندوو لەگەڵ عەواد حەمەد بەندەری خوێنمژدا!



چوارشەممە 30.11.2005
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim88@hotmail.com

عەواد حەمەد بەندەری بەناو سەرەکی دادگای شۆڕش، یەکێکە لەخوێنمژترین جەللادەکانی سەدامو بەدەیان هەزار کەسی لەڕۆڵەکانی گەلی کوردستانو گەلانی ئێراق، ڕەوانەی بەردەم پەتی سێدارە کردووەو فەرمانی مەرگی بەشێوەیەکی ناڕەوا بەسەردا سەپاندوون.
تەنیا ئەوانەی ملیان لەبەردەستو لەشمشێرە عروبیە هەردەم هەڵکێشراوەکەی ئەو ڕزگار بووە، لەهەموو کەس باشتر ئەو دڕندەیە دەناسنو جوانتر لەکەسانی تر دەتوانن باسی ڕەفتارو بێڕەوشتی ئەو بکەن.
دوای 15 مانگی ڕێک لەبێسەروشوێن کردنمدا، لە 4.6.1987دا لەگەڵ 8 کەسیتر کە هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخستن بەیەکەوەی نەدەبەستینەوەو دۆزی دادگاییکردنیشمان بەتەنیاو جیاجیا بوو، بە کۆمەڵو هەموومان بەیەکەوە ڕاپێچی بەردەم ئەو خوێمژە کراین. پرۆسەی دادگاییکردنەکەی هەر نۆمان تەنیا 45 خولەکی خایاند، واتە بۆ هەریەکێکمان پێنج خولەک. دوای ئەوەی کەوتمە بەرگریکردن لەخۆمو گوتم : (ساڵی 1984 ئێوە خۆتان لەچەندین کۆڕو کۆبوونەوەی فراواندا لەشارەکانی هەولێر، کەرکوک، سلێمانیو دهۆک-دا ڕاتانگەیاند کە هێزەکانی ی.ن.ک هێزی نیشتمانینو هەڵوێستەکانیان هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەن، منیش یەکێک بوویمە لەو هەزاران کەسەی کە لەدوای گفتووگۆی میری لەگەڵ ی.ن.ک دا، پەیوەندیم بەڕیزەکانی کۆمەڵەوە کردووە. دوای چەند مانگێک هەستمکرد ی.ن.ک نایەوێت لەگەڵ حکومەت بگاتە هیچ ئەنجامێک، بەشێوەیەکی فەرمی داوای وازهێنانم لێیانکردوو ئەوانیش وازهێنانەکەمیان پەسندکرد).
عەواد بەندەر پرسی: ئەی بۆ دەزگاکانی ئەمن یان پۆلیست ئاگادار نەکردەوە؟ لەوەڵاما گوتم: (لەبەرئەوەی لەدۆڵی بالیسان مامۆستا بوومو، ئەو ناوچەیەش لەبەردەستی ی.ن.ک بوو، دواتر (.......) کەخۆی منی ڕێکخستووە هەڕەشەی لێکردم، ئەگەر بێتوو هەر دەزگایەکی میری ئاگادار بکەمەوە. ئەی بۆ ئێوە ئەوکەسەی کە منی ڕێکخستووەو هەڕەشەی لێکردووم نەتانگرت؟ عەوادی شەرەف عەگال وەکو گورگی هاری لێهاتو بەسەرمدا نەڕاندیو گوتی: بێدەنگ بە هەی ئاژەڵ کوڕی ئاژەڵ، ئێمە مافی ئەوەمان هەیە لەتۆ بپرسینو دادگاییت بکەین، نەک تۆیەکی سەخیفو سەرسەری دادگایی ئێمە بکەیت! هەی بێڕەوشتی درۆزن، تۆ درۆزنیو درۆ دەکەی، تەنانەت ئەگەر لەبەغداش بوویتایە میریت ئاگادار نەدەکردەوە، چونکە خۆت بەشێکی لەوانو تەنانەت ئەوەشت پێ باوەڕ ناکەم کەوازت لێیان هێنابێت، هەی درۆزنی کوڕی درۆزن). ئەو جنێوانەی ئەوم بەڕوحێکی ڕیازی وەرگرتو وەکو مەدالیایەکی شانازی لەسنگی خۆمم داو فزەم لێوە نەهات، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت، ئەوەبوو کە ئەو بەناو دادوەرە سەربازییەی کە کەوتبووە دەستە چەپی عەوادەوە، بەتوڕەیی سەری دەهێناو دەبردوو هەڕەشەی لێدەکردم.
ئەوەی بەندە بینیوێتی، دڵۆپێکی زۆر زۆر بچووکە لەچاو ئەوەی کە کەسانیتر لەسەردەستی ئەو جەللادە تووشی هاتوون. عەواد سەرەڕای ئەوەی کەناوەکەی خۆی زۆر لە گەواد نزیکە، کەچی ئەو بەناو دادوەرە بەهەزاران کەسی گوتووە: گەواد کوڕی گەواد، دایک حیز، دایک قەحپەو لەگەڵ ناوهێنانی هەزارەها جنێوی لەخۆی سووکتر! حەزناکەم ناوی کەس بهێنم، ئەگینا نموونە زۆرن لەو جنێوە ناشرینانەی کە ئەو دێوە بەعسییە بەشۆڕشگێرانی کوردستانی داوەا.
سێ پێشمەرگەی دیلمان لەگەڵدا بوو، کە لەشەڕێکی نێوان پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێی یەکێتییو سەربازو جاشدا گیرابوون، بەناوەکانی ئیبراهیم، دینۆ و حامید، یەکەمیان خەڵکی گوندی تەلەلخێمی سەر بە شارۆچکەی گوێڕ بناری دەستە ڕاستی قەرەچوغ و دوانەکەی تریش خەڵکی گوندێکی سەر بەشارۆچکەی دیبەگەو دەستە چەپی بناری قەرەچوغ بوون. هەرسێکیان زۆر قارەمانانە بەرەنگاری ئازارو ئەشکەنجەی ئەمنی هەولێر بوونەوەو سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەوان لەشەڕدا نەگیراونو خۆیان ڕادەستی جاشەکان کردۆتەوە، بەڵام جاشەکان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان بەدیلیان ناونووسکردوون. دوای ئەوەی هەرسێکیان ڕەوانەی لای عەواد کران بەمەبەستی دادگاییکردن، ئیبراهیم فەرمانی مەرگی بەسەردا سەپێندرا تەنیا لەبەرئەوەی گووتبووی جاش نەک فورسانو دواتر لەسێدارە درا، بەڵام دینۆو حامید هەردووکیان فورسانیان بەکارهێنابوو، بەمەش ملیان ڕزگاری بوو لەشمشێرەکەی دەستی عەوادی خوێنمژ).
دوای ئەوەی عەواد، گوێی لەووشەی جاش دەبێت لەلایەن کاکە ئیبراهیمی شەهیدەوە، چاوەکانی دەچنە پشتی سەریو هەزارەها قسەی ناشیرین بەکاکە ئیبراهیم دەڵێتو هەڕەشەی ناردنە دۆزەخی لێدەکات. ئەو داخ لەدڵە بەمشێوەیەو بەو جنێوانە دڵی نەخۆشی خۆی لەبەرامبەر ئەو خۆبەختکردووە قارەمانەدا دادەمرکێنێتەوە: تۆ جاشی، باوکت جاشە، باپیرەت جاشە، هەموو خزمو کەست جاشن،

**هۆزەکەت جاشن. ئەوانەی تۆ بە جاشیان ناو دەبەن ئەوە لە تۆو لە ............ شەریفترن، بزانە چۆن ڕەوانەی دۆزەخت دەکەم (اتشوف شلون ادزک للجهنم وبئسک المصیر). لەگەڵ چەندین جنێوی تر کە کردنی بەمیدالیایەکی شانازی بۆ شەهید ئیبراهیمو خانەوادەکەیو، هەمووشمان دەزانین دەریا بەدەمی سەگ پیس نابێت.**

**دوای ئەوەی فەرمانی** 10 **ساڵ زیندانیم بۆ بڕدرایەوەو ڕەوانەی زیندانە بەدناوەکەی ئەبوغرێب کرام، زۆر کەسو چیرۆکی سەیر سەیرم بینی، دوو لەوانە زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، یەکەمیان عارەبێکی وابزانم خەڵکی عیمارە بوو نیشانیاندام. ئەو عارەبە بە زیندانکردنی هەتا هەتایە سزا درابوو، تەنیا لەبەرئەوەی دوو ساڵ بەر لەجیابوونەوەی لەژنەکەیدا، لەخەودا شەڕی کردبوو لەگەڵ دیکتاتۆرو، لەخەونەکەدا هەریەکە چەند بۆکسو شەقێکیان لەیەکتر دابوو. دوای جیابوونەوەکە، ژنی کابرا دەچێتە فەرمانگەی ئەمنو هەواڵی لێدەدات کە پیاوەکەی بەر لە دوو ساڵێک لەخەونا لەگەڵ سەددام دەبێتە شەڕیانو قائیدی زەرورە لەوی داوەو ئەویش لەسەرۆکی داوەتەوە. دەزگای ئەمنی شاریش دەستبەجێ کابرا دەگرنو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی دادگای بەناو شۆڕشی دەکەنو، عەواد بەندەری سەرۆکی بەناو دادگا ساختەکەی سەددام، بەکابرا دەڵێت: ئەگەر تۆ ڕقت لە سەیدول ڕەئیس نەبێتەوە، چۆن شەڕی لەگەڵ دەکەی، دوایی بۆ لە سەیدول ڕەئیست داوەتەوە، ئەوە دەیسەلمێنێت کە زۆر داخ لەدڵی بەرامبەر قایئدی ئوممەو حزبو شۆڕش، بۆیە بە زیندانی هەتا هەتایە سزات دەدەم!!!.**

**چیرۆکی دووەمیشیان هی عەرەبێکی باشووری ئێراق بوو، ئەویش بەهەمان شێوە زیندانی هەتا هەتایەیان بە باڵایدا بڕیبووەوە. لەبەئەوەی لەکات بەسەربردنێکی دانیشتنی شەوانەی یەکێک لە گازینۆکانی شارەکەیداو، کاتێ کە قائیدی ئوممەکەی لە دەنگوباسدا ببوورن (سەددام باسدا) دەردەچێتو، باسی ئەوە دەکات گوایە لەسەردانێکی کتووپڕی خۆیدا بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگی ئێراق – ئێران، چەند فڕۆکەیەکی ئێرانی تووشی کاروانەکەیان دەبێتو ئەویش واتە (سەددام)یش ناچار دەبێت بە دەمانچەکەی خۆی چەند فیشەکێک بە فڕۆکەکانەوە بنێت، کابراش کە گوێی لەو قسانەی ئەو فشەپاڵەوانە دەبێت، دەزانێت هیچی وانییە، بۆیە لەبەرخۆیو بەبێ ئاگاداری دەڵێت: پەح! دیارە پەح مانای درۆکردن بەگاڵتە پێکردنەوە دەگەیەنێت لەزمانی عەرەبیدا، بۆیە ئەو ئەمنانەی لەو گازینۆیەدا بووینە دەمودەست کابرای قوڕبەسەر دەبەنو، دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی دڕندانەو لەدوای چەند مانگێک بە ویژدانی عەواد بەندەری دەسپێرنو، ئەویش بەزیندانیکردنی هەتا هەتایی سزای دەدات!!.**